# سەگە شێت

ئەکرەم عەلی

ئـەو شەوە تـا بەیـانی خەو نـەچوە چـاوی .. دایكی منالەكان خەبەری بۆوە ئەم جگەرەی ئەكێشا .. چووە دەرەوەو هاتە ژوورەوە ، نووستەوە ، ئەم هەر جگەرەی ئەكێشا .

كچە بچكۆلەكەی بەدەم خەوەوە تلێكی دا .. لەقەیەكی لە لێفەكەداو لەسەر خۆیی لادا .

ـ لەم منالانەی من كە خراپ دەنوون .
بە هێمنی لێفەكەی دایەوە بەسەر شانو ملیدا .. بـەهێواشی گوپە خرپنەكەیی ماچ كرد .. ئاهێكی قوولی هەڵكێشا .. تاس بردیەوە
(لە باتی جارێك سەد جار گۆشتو ئێسقانم تێكەڵ بێت نەك منالێك خوێن لە پەنجەی بێت) هـەر دوو دەفەی شـانی خستە سەر بالیفەكە .. پەنجەكانی دەستی تێك ئالاندو كردنی بە بالیف بۆ پشت ملی .
(هەر چەند دەكەم ناتوانم بیهێنمە پێش چاوی خـۆم .. ووتم رەنگە بینێریٚ بۆ لای براكەی بۆ دەرەوەی وولات ، چونكە زۆر جار دەیووت :

ـ خۆزگە سەگێك بوومایەو لە ئەوروپا بژیامایە . ئەو ڕۆژانەی كە خۆر هەڵدەهاتو ئێمـە هێشتا هـەر لە جێگەی خـۆمانـدا چەقیبووین چاوەڕێی كرپارێكمان دەكردو هەر نەدەهات بـە تایبەتی كـاتێك پشـووی هاوینی قـوتابخـانەكـان دەستی پێ دەكرد ، بە دەنگی بەرز دەیووت :

ـ ئەی .. هەتا ئەم منالە وورتكانە هەبن بۆ یەن بـەلای منو تۆدا .. گووم تێ‌ی كرد بۆ چ ژیانێكە .. پشووی هاوین بۆ گیانی ئێمە دانراوە .. تا سەعات چەند ئارەزوویان لێبێت ئیشیان پێ ئەكەنو نیوە قیمەتیشیان ئەدەنێ ، وەڵلا چی یە ؟ .. منالن .. پاشان تفێكی دەكردە ڕووی شۆستەكەو چەند هەنگاوێكی دەناو ئاوڕێكی لێ ئەدامەوە ، بەخۆیو جامانەكەیەوە كەكردبووی‌بە لەچكو سەرو گوێلاكی پێ داپـۆشیبوو هـەر دەتووت فـەرخە وورچە

ـ دەی فەرموو با مل بشكێنین ئەمـڕۆشمان فت .. ئـەمڕۆش گەوادێك نەبوو بڵێ كەرتان بەچەند ؟. ئینجا لە ڕێگا دەستی پێ دەكرد :

ـ خەڵك چۆن ئەژیو ئێمەش چۆن ئەژین ؟ كاكم چاكی كـرد ماڵو مندالی پێچایەوەو تێ‌ی تەقاند ، ئێستا وەك پاشا ئەژین ، لەهیچیان كەم نیە .. لەئەوروپا ..

من ئەوەندە تاقەتی گوێ گرتنی سكالاو داخی دڵ هەڵڕشتنی ئەوم نەبوو ئەوەی ئەو كاتە بیرم لێ ئەكردەوەئەوەبوونەو ڕۆژەم چۆن لێ بڕوا .)

دایكی منـالەكان دیسـان هـەستـایـەوە ، سـەیـرێكی منالەكانی كرد كە دڵنیا بوو بە دەرەوە نین ، لێفەكەی دایەوە بە خۆیداو لێ‌ی نووستەوە ، ئەم جگەرەیـەكی تری گـرپدا . (كە

تەقەی لەدەرگا ئەدا .. هێندەی بلێی یەك‌و دوو جامانەکەم لە سەرو ملم دەئالاندو دەرگای حەوشەم دەکردەوە ، بە جووتە کۆڵانە تاریکەکەمان دەبڕی ، تەنها قرەقری پەرەمێزی نانەوای سەر سوچەکە دەبیسرا ، یەکی دوو نانی گەرممان دەکڕی ، کە دەگەیشتینە مەیدانی کرێکاران ئەوجا بانگی بەیانی‌ی دەدا ، لەگەڵ ئەوانی تردا لەناو مێگەلەکەدا رادەوەستاین چاوەڕێی کڕیارێکمان دەکرد ، کە دەهات‌و بە دوو چاوە زەقەکانی بە سەر تاپاماندا هەڵیدەڕوانی ئەگەر بۆی شەرم نەبوایە وەك مەڕ بکرێت دەستی بە کەمەرو بڕ بڕەی پشت‌و خوار پشتوێنەکەشماندا دەهێنا .. بیر چوونەوەی زۆر ستەمە ، ئەو ئینسانە ڕێك‌و پێکە ئاقڵە ئیش‌کەرە .. ئێستا بەجادەکاندا دەسوڕێتەوەو منال گاڵتەی پێ دەکەن ، بێگومانم هەموو شێتێکی ئەم وڵاتە خاوەنی چیرۆکێکی بە سوێ‌ی تاڵ‌و تفتی وەك ئەوەی «سەعە» یە)

خۆیشی نەیدەزانی لەچ دەلاقەیەکی مێشکیەوە (سەعەشێت) خۆی کردوە بەکەللەیداو ئەمشەو زیاد لەشەوانی دی وەك مار خۆی ئاڵاندۆتە لق‌و پۆپی بیرەکانیەوە .. نەیدەزانی چ دەستێك ئەم لاپەڕە کۆنە تۆز گرتوەی جارێکی تر لەمێشکیدا هەڵدایەوە ، بەلای ئەمەوە (سەعە شێت) یش یان (حەمە سەعی) ی هاوڕێ‌و هاودەردی جارانی وەك هەزارەها حەسرەتی ڕۆژانەی تر ، وەك هەزارەها کلافە خەمی گەورەی تری ئەم مێگەلە ئینسانە بەستەزمان‌و بێ دەسەلاتە بۆتە ئاهێکی قووڵ‌و لە کونجێکی بچوکی دڵ‌و مێشکیدا جاڵجاڵۆکە تەونی لەسەر چنیوە .

خۆیشی نەیدەزانی چی گێڕایەوە بۆ دەساڵ لەمەوپێش .. بەڵێ دەساڵ لەمەو پێش ، شەوێکی تاریك‌و نوتەك .. شەوێکی ڕەشی ئەنگوستە چاو ، ڕەشتر لە کراسی دایکێکی ڕۆڵە کوژراو .. ئاسمان دەستی ڕق‌و غەزەبی خستبوە بینی زەوی ، باران کوننەیەك لەعنەتی سەر بەرەو خوار بوو . لەسوچی ژووری خانویەکی قوڕدا ، کرێکارێکی بێ کار خەریکی نەخشە دانان بوو بۆ بەرپا کردنی تاوانێك ، تاوانی کوشتنی ئینسانێك ، لە سوچێکی تری هەمان ژووردا ئافرەتێکی زەیستانی نیوە مردووی لاواز بەدەم ئازارەوە دەیناڵاند .. لە نێوانیشیاندا

١

ساوایەکی ناسکی تەمەن یەك ڕۆژ ، هێشتا خونچەی چاوەکانی نە پشکوتو بوون ، پەنجە نەرم‌و نیانە بچکۆلەکانی دەستی توند نوقاندبوو وەك نهێنی‌ی ژیانی تیا حەشار دابێت‌و نەیەوێ بە ئاسانی بیدا بە دەستەوە .

بەڵێ دەساڵ لەمەو پێش لەبەرەبەیانی ئەو شەوە ڕەشەدا لە سوچی ژووری خانوە قوڕەکەدا تاوانەکە بەرپا کرابوو . ئافرەتێکی زەیستانی نیوە مردوو بە دیار لاشەی ساوایەکی ناسکی تەمەن یەك ڕۆژی خنکێنراوەوە هەنسکی ووشکی هەڵدەدا .
خەڵکی گەڕەك زۆریان ووت :
ـ تەمەن بەدەست خوایە .
ـ خوا خۆشی ویستوە بۆیە زوو بردویتیەوە بۆلای خۆی .
ـ ئێستا چۆلەکەی بەهەشتە .

ـ شەوە خنکاندویتی .
ـ پارچە پەڕۆیەك کەوتۆتە سەر دەمی‌و دایکە لەبەر ژان‌و ئازاری خۆی ئاگای لێ نەبوە تا ووردە ووردە هەناسەی لەبەر بڕاوەو خنکاوە .
ـ قودرەتی خوایە .

ـ باوکی کفری کردوەو خوا بە منالەکەیی نواندوە . هەموو شتێکیان ووت تەنها ڕاستی نەبێت ، ناهەقیشیان نەبوو کێ هەیە بچێتە عەقڵیەوە باوکێك بەدەستی خۆی منالی خۆی بخنکێنێ ؟! (ئای «سەعە» کە دەتووت :

ـ چۆن دەهێڵم منالم وەك خۆم لەم گواوەدا بژی ، با لە دایك ببێت خۆم نەزانم چۆن لەم لیتاوە گەورەیەی ڕزگار دەکەم . کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو ئا بەو شێوەیە ڕزگاری دەکەیت ؟)
شقارتەکەی هەڵگرت ، دەستی بۆ پاکەتەکەی برد ، سوك هاتە بەردەستی ، سەیرێکی ناوەکەی کرد ، دایخستەوەو فڕێ‌ی دا .
ـ ئای بۆ جگەرەیەك .

(سەعەی کلۆڵ نازانم مردوویت ؟ ماویت ؟ ئاخۆ ئێستا لە کوێ بیت ؟ لەچ شارێك ؟ لە ناو چ گەراجێکدا ؟ لەبەر دەرابەی

داخراوی چ دوکانێکدا ؟ لەبەردەگای چ مزگەوتێکدا شرەو پرەی دنیات لەخۆت کۆکردبێتەوەو ڕاکشابێت ؟ من هەتا ئێستاش وەکو ئەوسا وەکو دەساڵی ڕەبەق لەمەو بەر هەموو بەرەبەیانێك دوو نانە گەرمەکە دەکڕمو پێش مەلابانگدان لە ناو مێکەلەکەی مەیدانی کرێکاراندا ڕادەوەستم . ئەو ڕۆژانەی کە سەعات چواری ئێوارە بەجلو بەرگی کەچاویەوە دەگەڕێمەوە هەرکە لە سیلەی کۆڵانەکەوە دەردەکەوم (تریفە) بە ڕاکردن بە خلە خل بەرەو ڕووم دێت دڵم لە مستمایە ، تازە کەوتۆتە سەرپێ ، سەرسمێك نەداو بکەوێت .

کە دەیگرمە باوەش و توند بەسنگمیەوەی دەنووسێنمو خۆمان دەکەین بەماڵا (هیوا) چوار مەشقی دانیشتوە خەریکی ڕەسم کردنە ، نازانم ڕەسمی چی دەکات ؟ کاغەزێکی ڕەنگاو ڕەنگ زیاتر هیچی تر نابینم ، کۆمەڵێ ڕەنگی تێکەڵو پێکەڵی جوانی دلڕفێن ، پەمەیی .. سەوزی کاڵ ... ئەرخەوانی .. زەردی ئاڵتونی .. وەنەوشەیی .. من هیچی لێ تێ ناگەم ، خۆی پێ ی ئەڵێ ڕەسم ، سەر لەسەر دەفتەرەکە بەرزدەکاتەوەو بە چاوە گەشە هەڵۆییەکانی تێم دەڕوانێ باوەش دەکات بە ناو قەدما .
- بابە ، بۆیە سورەکەت بۆ هێنام ؟ ئاخ (سەعە) خۆزگە (هیوا) ت دەدی ) سەری (تریفە) ی هەڵبڕی خستیەوە سەر پشتیەکە ، پشتوێنەکەی بەست ، جامانەکەی لەسەرو ملیەوە ئاڵاند ، بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە ، پێلاوەکانی لەپێ کرد .. دایکی منالەکان بەدوایدا هەستا ، لەبەر دەرگای حەوشە پێ ی ووت :

- ئەمشەو نەنووستیت .
- حەمەسەعی .. لەگەڵ حەمەسەعی بووم .
دایکی منالەکان دەرگای حەوشە
ی داخستەوەو گەڕایەوە بۆ لای منالەکان .
ئەمیش کە کۆڵانە تاریکەکەی دەبڕی تەنها فرە فری پەرەمێزی نانەوای سەر سوچەکە دەبیسرا .

مارتی 1984
هەولێر

# پایزا هیڤیان

● جلال مصطفی محمد ●

## 1 – سوزا ئێکێ و دویماهی ێ –

راستە ژی ی وی ێ ێ کەهشتی یە پتر ژ چل سالا لێ هێشتا ڕەنگو رویباری کچی نی ی ل دیمێ وی دیاردکەن ، ئەڤە راستی یەکە خەلکێ گوندی هەمی پێ دزانن . بەژنەکا بلندو تژی و پڕ بزاڤ هێشتا دەمو چاخ نەکارینە بدروستی نەخشێ خو ل دیمێ وی ێ جوان بکەن . دەما تە هێڤکربا ئەنیا وی یا کەڤەر دا دیروکا ڤیانەکا دویرو درێژ لێ خوینی .

لسەر جهێ خو خو کربو کوم .. روناهی یەکا کێم ل دورێت پەنجەرا ئودا وی مابو .. خودیکەك د دەستی دا بو هویر بەرێ خو ددا ڕەنگێ خو .. دەستێت خو دانە بن گوهێت خو « راستە ؟ ئەڤە راستە ! موییێت سپی چوینە پرچا من .. ئەڤە چەند بسەرڤەچو چەند چەرخ زڤرین .. من های ژ خو نینە ، هێشتا یا ژ من ڤە دوهێ بو من ئەو ئاخفتن گوتی .. هێژ من ژبیرنەکری یەو تا بمرم ژبیرناکەم . لێ ما چ مایە بو مرنێ : ما نە ئەڤە ڕەنگەکێ مرنێ یە ؟! » خودیك ژ دەستێ خو دانا ئاوازەك دڤەلوراند ژ زێمارا دایکێ بو کوڕێ خو بکەت مەلویلتر بو .

ژ هەمی تەحلە ژینێ وی جارەکێ دەلیڤە بو هەلکەت کو دگەل لاوەکێ د ژینێ خودا ببیتە جوت خەمو خوشییێت خودگەل بنیڤی کەت لێ ئەڤ چەندە لدوی دلێ وی چێنەبوو بو بەندەیا بیرو هزرێت کەڤن .

پتر ژ بەری بیست سالا دەما تێکەلی دناڤبەرا وی و وی لاویدا پەیدا بووین هینگێ سوزا خو بو ڤەبڕی کو پشتی وی تا